حەسەن :

# لە کوردستان بە چاوێکی کەم سەیری هونەر دەکرێت

**حەسەن غەفور جگەلەوەی گۆرانی دەڵێ و تێکست دادەنێ ئەوا کاری دابەش کردنی موزیک و ئەندازیاری دەنگیش ئەنجام دەدات و ئێستا لە ستۆکهۆڵمی پایەتەختی سوید خەریکی ئەنجامدانی کاری هونەرییە لە ستۆدیۆ تایبەتەکەی خۆی ،تا ئێستا چەندین کلیپی تۆمار کردووە بۆ کەناڵە کوردییەکان وێڕای سیدییەک ، حاڵی حازر خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ و تۆمارکردنی چەند گۆرانییەک بە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ ، بەڵام وەک زۆربەی هونەرمەندانی دیکە لایەنێک نییە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە لە ئەستۆ بگرێت ،بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم جارە بەسەری بکەینەوە و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین .**

**فۆتۆ / کەمال ناکرەیی**



* بیستوومانە بە نیازی ستۆدیۆیەکی دەنگ لە سوید دابمەزرێنی ، ئەمە تا چەند راستە؟

- ئێستا لە سوێد لە شاری ستۆکهۆلم ستودیۆی خۆم هەیە و، من نەک تەنها کاری ئەندازیاری دەنگ دەکەم ، بەلکۆ کاری ئاواز دانان و موزیک دابەش کردنیش دەکەم ، واتە گۆرانی بەتەواوی ئامادە دەکەم بۆ هونەرمەندان.

* خوێندن و بە ئەکادیمییەت بوون چ رۆڵێکی هەیە لە پێگەیاندنی هونەرمەند؟

- خوێندن نەک تەنها بۆ هونەرمەند بەلکۆ لە هەموو بوارێکدا باشە، ئەگەر کەسێک مەبەستی بێت کە بە شێوەیەکی زانستی لە کارێکی خۆی تێ بگات، من خۆم زۆر سوودم لێ وەر گرتووە ،چۆنکە من پێشتریش کاری موزیک دابەش کردنم دەکرد، بەڵام لە شوێنی دیکە (ستودیۆ) گۆرانییەکانم تۆمار دەکرد، بەڵام ئێستا من هەر خۆم کاری تۆمار کردن دەکەم. و دەتوانم بڵێم ئێستا کاری چەندین هونەرمەندم لەبەر دەست دایە وەکو تارا رەسول، نارین، ئیسماعیل ئیبراهیم، بڵند عەبدوڵلا، دیلمان دیو و چەندین گۆرانیبێژی دیکە.

* تۆ لەگەڵ نارین فەقێ گۆرانییەکی هاوبەشتان گوتووە و سەرکەوتنی بەدەستهێنا ، ئەمەیان بۆ تۆ یان بۆ نارین یان بۆ شێوەی گوتنی دەگەڕێتەوە؟

- بەرهەمهێنان ئەو گۆرانییە و سەرکەوتنی ، بۆ تێکست و موزیک و شێوە تازەکەی دەگەڕێتەوە کە لەگەل نارین خان ئەنجامان دا، من زۆر زۆر خۆم بەو گۆرانییەوە ماندوو بووم و وابزانم بۆیە تایبەتمەندی پێوە دیارە.

* جیاوازی نێوان کاری هونەری لە کوردستان و هاندەران هەیە؟

- جیاوازییەکی زۆر گەورەی پێوە دەبینم، ئەمەش بۆ چەندین هۆکاری جیاجیا دەگەڕێتەوە بۆ نموونە. وەکو تەکنیکی دەنگ، وەکو شێوەی موزیک دابەش کردن و زۆر هۆکاری دیکەش.

* بۆچی زۆربەی ستایلەکانی گۆرانی کوردی لەیەک دەچن؟

## من رۆژنامەکان دەخوێنمەوە بەتایبەتی رۆژنامە وەرزشییەکان

## هەندێک لە تەلەڤزیۆنەکان نازانن کام گۆرانی باشەو کامەش بۆ بڵاوکردنەوە نابێ



– ئێمە وەکو کورد دوو شێوازی هونەری گۆرانی تەئسیر ی هەیە بەسەر موزیکی ئێمەوە ئەویش فارسی و عەرەبی.زۆر جار ئەو هۆکارانە وا دەکەن کە گۆرانییەکان بگەڕێنەوە سەر ئەو شێوازانەی کە باسم لێکرد.

* هەست ناکەی کلیپە کوردییەکان تەقلیدیان ێوە دیارە؟
– بە ڕای من دەبێت ڤیدیۆ کلیپی کوردی تۆزێک لابدات لەو ئاراستە و شێوازانەی کە ئێستا هەیە و ەیرەو دەکرێن، بەتایبەتی گۆرانی هەڵەرکێ هەمووی یەک شێوە کلیپی بۆ دەکەن.

* ئەگەر کۆمپانیای هونەریمان هەبێت چی بکەن باشە؟
– کۆمپانیای هونەری هیچیان پێ ناکرێت ئەگەر یاسایەک نەبێت لە وڵاتەکەمان، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا سیاسەتمەدارە کوردەکان بە چاوێکی کەم سەیری هونەر دەکەن و لە ناچاری وەزارەتی ڕۆشەنبیریان داناوە.

* وەک هونەرمەندێکی گەنج ئایندەی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟
– بە ڕاستییەکەی نازانم لەبەر ئەوەی هیچ یاسایەکی هونەریمان نییە لەبەر ئەوە
ئایندەش دیار نییە، دەتوانم بڵێم ئێستا فەوزایەک لە هونەدا هەیە تەنانەت هەندێک لە تەلەڤزیۆنەکانیش نازانن کام گۆرانی باشەو کامەش بۆ بڵاو کردنەوە نابێت.

* تۆ خۆت حەز لە چ جۆرە گۆرانییەک دەکەی؟
– من حەز بە بەرهەمی جوان دەکەم کە بەرهەمێک کامل بێت لە هەموو لایەنێکەوە، بەڵام زیاتر شێوازی نوێم پێخۆشە.

* حەسەن بۆ خۆشەویستی چی دەڵێ و تا ئێستا لە دەرگای دڵی نەداوی؟
– هاها ئەم پرسیارە تەرک دەکەم.

*تۆ زیاتر چی دەخوێنییەوە؟
– من زیاتر ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە بەتایبەت ڕۆژنامە وەرزشییەکان و، زۆرم پێخۆشە کتێبی مێژوویی بخوێنمەوە.

* ئەگەر کاتی بەتاڵت هەبێت، چۆن بەسەری دەبەی؟
– من لە کات بەتاڵیدا زۆر لەگەڵ هاوڕێکانم دەیبەمە سەر، ئێستا کاتی بەتاڵم زۆر کەم بۆتەوە لەبەر ئەوەی کارم زۆر لە سەرە، بەڵام هاوڕێکانم دێن بۆ ستودیۆ بۆ لام جار جار ئەگەر ڕێکەوێت ئەوا فۆتبۆل دەکەین.

* ئێستا چی نوێت لەبەردەستدایە؟
– من گۆرانییەکی نوێم تۆمار کردووە، گۆرانییەکی هەڵپەڕکێیە بەم زووانە دەیکەم بە کلیپ، و من هەموو ئاو کارانەی دەیکەم بۆ هەموو کوردێک دەکەم هیواداری جێگای ڕەزامەندییان بێت.

## گۆرانی هەڵپەڕکێ هەمووی یەک شێوە کلیپی بۆ دەکەن